## ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە کەمپەینێکی هۆشیاری سەرتاسەری تیشک دەخاتە سەر شێرپەنجەی منداڵی

**ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لەڕێگەی هەڵواسینی فلێکسی هۆشیاری و کردنەوەی پێشانگای هونەری و ئەنجامدانی چالاکی هۆشیاری بۆ کۆمەڵگا، لەماوەی مانگی هۆشیاری شێرپەنجەی منداڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٤ هۆشیاری دەدات سەبارەت بە شێرپەنجەی منداڵی.**

**١٦ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤**

لە میانەی هەوڵە بەردەوامەکانی عێراق بۆ گرنگیدان بە تەندروستی منداڵ، ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بە سەرکەوتووی کۆتایی هێنا بە چالاکییەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە شێرپەنجەی منداڵی لەلایەن پرۆژەی ئارا لە مانگی هۆشیاری شێرپەنجەی منداڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٤.

چالاکییەکان بەشێکن لە هەوڵە بەردەوامەکانی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکانی منداڵان و ئەندامبوون لە ڕێکخراوی جیهانی شێرپەنجەی منداڵی (Childhood Cancer International (CCI لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، کە ئەمەش ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە.


لە مانگی ئەیلول ٢٠٢٤، پرۆژەی ئارا لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان چەندین چالاکی ئەنجامدا بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر ئاستەنگەکانی شێرپەنجەی منداڵی و گرنگیدان بە بابەتەکە و هۆشیارکردنەوە و پەیوەندی کردن بە کۆمەڵگا. چالاکییەکان پێکهاتبوون لە:

1. **هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر بیلبۆرد:** ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان هەڵمەتێکی گەورەی دەستپێکرد لە شارەکانی سلێمانی و دهۆک بۆ گەیاندنی پەیامی شێرپەنجەی منداڵی بە زۆرترین کەس لە سەرانسەری ناوچەکە.




پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیڵ: press@ksc-kcf.org

2. **ئەنجامدانی پێشانگای هونەری:** زنجیرەیەک لە پێشانگای هونەری لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک ئەنجامدران بۆ نمایشکردنی کارە هونەرییەکانی منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە. و لەم ڕێگەیەوە توانرا سەرنجی زۆرێک لە سەردانیکەران و میدیا ناوخۆییەکانیان بۆخۆیان رابکێشن، لە ڕێگەی نیشاندانی خۆڕاگری و بەهرەمەندی ئەم چارەخوازە منداڵانە.
3. **هەڵواسینی لۆگۆ:** بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی تەندروستی سلێمانی، ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان هەڵمەتێکی ئەنجامدا بۆ هەڵواسینی لۆگۆی قردێلەی زەرد بە ئۆتۆمێلی گشتی، کە هێمای ڕووبەڕووبونەوەی شێرپەنجەی منداڵییە. ئامانج لەم هەڵمەتە بڵاوکردنەوەی هۆشیارییە لە مەودایەکی فراوانتردا.




4. **بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی هۆشیاری:** ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان چەند ڤیدیۆیەکی هۆشیاری بەرهەمهێنا و بڵاویکردەوە، کە لەم ڕێگەیەوە پسپۆڕانی تەندروستی لە سەنتەری ژیانەوە لە شاری سلێمانی ڕوونکردنەوەی گرنگیان دەربارەی هەڵە تێگەیشتنەکانی دایک و باوکان سەبارەت بە شێرپەنجە و زانیاری ڕاست و زانستییان خستەڕوو بۆ کۆمەڵگا.
5. **ڕوناککردنەوەی بینای ئۆفیسی سەرەکی ڕێکخراو بە ڕوناکی ئاڵتونی:** لە مانگی ئەیلول، ئۆفیسی سەرەکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان ڕوناککرایەوە بە ڕەنگی ئاڵتونی وەک هێمایەک بۆ دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ منداڵانی توشبوو بە شێرپەنجە و خێزانەکانیان و دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوەکەمان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بەم بابەتە.
6. **بەشداری کارمەندەکان:** کارمەندانی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لەهەموو پرۆژە و ئۆفیسەکان پشتیوانی خۆیان دەربڕی بە پۆشینی قردێلەی ئاڵتوونی لە ماوەی مانگەکەدا ئەمەش بۆ جەختکردنەوە لە پابەندبوونی هەمیشەیی ڕێکخراو بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ شێرپەنجەی منداڵی و ڕێکارەکانی خۆپارێزی.
7. **دابینکردنی پشتگیری دەروونی و کۆمەڵایەتی بەردەوام:** ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بە بەردەوامی هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و دارایی پێشکەش دەکات بە منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە و خێزانەکانیان لە نەخۆشخانەکانی هیوا لە سلێمانی و نانەکەلی لە هەولێر و سەنتەری ژین لە دهۆک، ئەم سەنتەرانە خزمەتێکی زۆر پێشکەشدەکەن بە پەنابەران و ئاوارە و خانەخوێ، کاردەکەن بۆ دابینکردنی چارەسەری پێویست بۆیان. کارمەندانی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانیش هەمیشە ئامادەن بۆ چاودێریکردنی تەندرووستی دەروونی منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە و خێزانەکانیان.

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : +٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیڵ: press@ksc-kcf.org

هەڵمەتی بەردەوامی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە مانگی شێرپەنجەی منداڵی بنەمایەکە بۆ بانگەشەکردن بۆ چالاکی وپرۆژە تەندروستییەکان. لە ڕێگەی بەشداری چالاک لە هەوڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، هەروەها جەخت دەکاتەوە لە پابەندبوونی بە پشتگیریکردنی منداڵانی ناوچەکە بۆ پاراستنی تەندروستیان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆیان.

### دەربارەی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناوقازانجدا کارناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئاینی نیە، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسیەکان یارمەتی پێشکەش بە منداڵان دەکات .

لە ئێستادا لە چوارچێوەی ٤ بەرنامەی سەرەکیدا کاردەکات ئەوانیش، پاراستنی منداڵ، تەندروستی، پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و هەروەها فریاگوزاری لە کاتی کارەسات.

ئامانجی سەرەکیمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشترە لەڕێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆری ماددی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، و پەروەردەی .

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و خانمی یەکەمی ئێستای عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دامەزراوە.

### بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە:

press@ksc-kcf.org

### سۆشیال میدیا پلاتفۆرمەکان:

https://www.ksc-kcf.org/

https://www.facebook.com/kurdistansavethechildren

https://www.instagram.com/kurdistansavethechildren/

https://www.linkedin.com/in/kurdistan-save-the-children/

https://twitter.com/KSC_KCF

https://www.youtube.com/@KurdistanSavetheChildren

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیڵ: press@ksc-kcf.org